### سەلاح رەئوف - موزیسیۆن:

# هونەر بەپیاهەڵدان وباسکردن نییە کاری ئەفراندنی هونەریی لەهەستێکی بەهرەدارەوە بەئەنجام دەگەیەنرێ



**دیمانە: نێوەند**

هونەرمەندی موزیسیۆن "سەلاح رەئوف" لەرێی ئەم دیمانەیەوە تیشك دەخاتە سەر پرس وکێشەکانی هونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردیی ورەخنەش لەدامودەزگا هونەرییەکان دەگرێت کەلەروانگەی نەتەوەییەوە کارناکەن هەروەك رەخنەی لەپەیمانگا هونەرییەکان دەگرێت لەوەی هونەرمەند دروست ناکەن، لەبەشی کۆتایی دیدارەکەشدا جیا لەباشکردنی پێویستی ئۆرکێسترایەکی نیشتمانیی، تیشك دەخاتە سەر دوا پرۆژە هونەرییەکانی خۆی کەبە نیازە لەزووترین ماوەدا بەئەنجامیان بگەیەنێت.

نێوەند:سەرەتا بەپرسیارێکی تەقلیدیی دەستپێدەکەین ودەڵێین سەلاح رەئوف کێیەو کارو چالاکییە هونەرییەکانی کامانەن هەر لەسەرەتای تەمەنی هونەرییەوە هەتاکو هەنووکە؟.

سەلاح رەئوف:ناوم "سەلاٌح رەوف عەلی"یە. ساڵی ١٩٥١ لەشارەزور (عەربەت) سلێمانی لەدایکبووم، دەرچووی خانەی مامۆستایانم ١٩٦٦ -١٩٦٩. دەرچووی خولی شارەزایانی مۆسیقام لە(بەغداد) ١٩٧٧- ١٩٧٨، بەپلەی ئیمتیازی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق. لەخۆئامادەکردندام بۆ پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك بەناوی (پۆلێنکردنی پەیژەو فۆرمەکانی مۆسیقای کوردیی) کەبریتییە لەپۆلێنکردنی پەیژە مۆسیقاییەکانی کوردستانی گەورە. شوێنی کارکردنم بەمشێوەیە بووە: ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی (١٩٦٨)، ئەندامی تیپی مۆسیقای چالاکی هونەریی پەروەردەی سلێمانی وەك ئامێرژەن ومامۆستایەك ١٩٦٨. دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای پیرەمێرد (١٩٧٧-١٩٩١). پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی، بەشی مۆسیقا، وەك دامەزرێنەرێك ومامۆستایەکی وانەکانی پراکتیکی وتیۆریی کارم کردووە ١٩٨٣- ١٩٩٧. ئەندامی کارای تیپی مەڵتی کەلتوری هۆڵەندیی (میودانتا) هۆڵەندا ( ١٩٩٨). ئەندامی ;ارای تیپی سیمفۆنی ئەپڵدۆرنی هۆڵەندیی (٢٠٠٠)، راهێنەری مۆسیقای تیپی هونەری میللی نەتەوەیی سلێمانی ٢٠٠٤-٢٠٠٨، بەڕێوەبەرێتی چالاکی هونەری پەروەردەی سلێمانی و سەرپەرشتیاری هونەریی ٢٠٠٤-٢٠٠٨. کارە رۆشنبیرییەکانم بەمشێوەیەیە: بەئەنجام گەیاندنی چاپکردنی چەند پەرتوکێکی هونەریی. لەوانە: یەکەم: فێربوونی کەمانچە (١٩٧٩). دووەم: تیۆرەکانی مۆسیقا (١٩٨٩). سێیەم:پۆلێنکردنی پەیژەکانی مۆسیقای رۆژهەلاٌتی ناوەڕاست. چوارەم: بلاٌوکردنەوەی بابەتی هونەریی لەزۆربەی گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکاندا. خاوەنی چەندین کاری هونەرییم بەمجۆرە: لەتیپی مۆسیقای سلێمانی بەشدارییم کردووە :

- لەهەموو بۆنەو فیستڤاڵەکانی تیپ لەدەرەوەو ناوخۆی سلێمانی .( ١٩٦٩ - بەردەوام تائێستاش).

-دانانی ئاواز وئامادەکردنی مۆسیقا بۆ زۆربەی گۆرانیبێژانی تیپ. لەوانە "کەریم کابان. عوسمان عەلی. عەدنان کەریم. ئەسعەد قەرەداخی. پەیمان عومەر. عەباس محەمەد. ئالاٌ عومەر. دیاری قەرەداخی، ئەمەل سەعید کوردە".

-دانانی چەند پارچە مۆسیقایەك وتۆمارکردنیان لەمیدیاکاندا، لەوانە: مۆسیقای تانجەرۆ. مۆسیقای لاوك. مۆسیقای ژاڵە و چەندین ئاوازی تریش.

-وەکو کادرێکی بەڕێوەبردن لەتیپدا چەند جارێك کارم کردوە وەك(سکرتێری تیپ. ژمێریاری تیپ. بەڕێوەبەری ئیدارەی تیپ. بەڕێوەبەری هونەریی). هەروەها زۆربەی کات وەکو ئەندامێکی چالاکی لیژنەی

هەڵسەنگاندنی هونەریی کارم کردووە.

ئەندامی تیپی مۆسیقای شۆڕش بووم ساڵانی (١٩٧٤ - ١٩٧٥). بەشداریبیم کردووە لەو تیپەدا وەکو ئامێرژەنێك و کۆمپۆنیستێك.

لەبەڕێوەبەرێتی چالاکی هونەریی لەسلێمانی بەمشێوەیە کارم کردووە:

یەکەم:کردنەوەی خولی فێربونی ئامێرە مۆسیقاییە جیاجیاکان لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٧وە، دروستکردنی تیپی مۆسیقای پیرەمێرد (خۆبەخشانە) پێگەیاندنی زۆر لەمۆسیقاژانەکانی ئێستا. بەشداریکردنی ئەوتیپە لەناو شاری سلێمانی وهەموو فێستڤاڵەکانی سەرانسەری عێراق.

دووەم: تۆمارکردنی پتر لەدوو کاسێتی گۆرانی منداڵان و بڵاوکردنەوەیان لەمیدیاکاندا.

سێەم:بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لەسەر ئاستی وڵاتی عێراق وەکو تیپێکی مۆسیقاو هەروەها وەك تۆمارکردنی چەند شانۆگەرییەکی لیریکی کەپلەی یەکەمیان بەدەستهێناوە لەسەر ئاستی شاری سلێمانی وعێراقیش. لەوانە

شانۆگەری لیریکی (کاروانی شەهیدان . گورگی بێشەو هەرد. داپیرەی دانا. چەندی تریش).

کارەکانم لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی بەمشێوەیە بووە.

- هاوکاریکردن لەدامەزراندنی بەشی مۆسیقای پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی. وتنەوەی وانە پراکتیکییەکان بۆ ئامێرەکانی مۆسیقایی وەك (کەمان. چەلۆ. کلارنێت).

-وتنەوەی وانە تیۆرییەکانی وەك (تیۆری مۆسیقای گشتی وچێژی مۆسیقاو کۆراڵ وسۆلفێج بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن.

-بەشداریکردن لەفیستڤاڵەکانی ساڵانەی پەیمانگاو دانانی ئاوازی کۆراڵ وگۆرانی تەنیا. لەوانە: کۆراڵی گۆرانییەکی رەنگاوڕەنگ (منالینە). کۆراڵی سلێمانی. کۆراڵی ئەم بەهارە. کۆراڵی لەیلێ ولاوە. کۆراڵی داستانی قەڵای دمدم. کۆراڵی مارشی ژان. چەندین ئاوزی گۆرانی ومۆسیقایی تریش.

لەتیپی مۆسیقای تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانیشدا بەمشێوەیە چالاکیم کردووە:

*دروستکردنی تیپی مۆسیقای تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان وبەشداریکردن لەچالاکییەکانی ئەو تەلەفزیۆنە لەساڵی ١٩٩١وە. لەوانە یادی یەکەمین ساڵرۆژی تەلەفزیۆن ودانانی ئاواز بۆ هونەرمەندانی گۆرانیبێژ: ئازاد خانەقینی (کۆراڵی شایی شەهید). ئەژدەر وەهبی، بۆیەکەمین جار گۆرانی (هاواری منالانی هەڵەبجە) تۆمارکرد.

*بەشداریکردنی ئەوتیپە لەیادی شەهیدی سەرکردە (شەهید ئارام) بەچەند ئاوازێکی گونجاو.

لەکۆمپانیای کوردستانیش چەندان کارم کردووە وەك: تۆمارکردنی چەندین ئاواز بۆ هونەرمەندان: نازێ ونەورۆز، عەلی محێدین، هێدی قادری وچەندین گۆرانیبێژی تریش.

کاری سەربەخۆیی زۆریشم هەیە وەك:

*دانانی ئاواز بۆ زنجیرە درامای ژاڵە (تیپی نواندنی سلێمانی). زنجیرە درامای گوڵاڵە (کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد مەڵبەندی گشتی سلێمانی). زنجیرە درامای مەرگی ئەرخەوانی. زنجیرە درامای چارەنووسی ئادەمیزاد (تیپی نواندنی سلێمانی).

*چیرۆکی نواندنی چرا ،زۆر شانۆگەریش لەوانە: پۆنتیلا ماتی، مانگی ئاوابوو، شانۆگەری دادگا (تیپی شانۆی سالار)، کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ (تیپی شانۆی سالار)، مەلای جزیری (تیپی شانۆی سالار)، شانۆگەری گالیلۆ گالیلی (کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد مەڵبەندی گشتی سلێمانی)، چەندینی تریش.

*دانانی ئاواز بۆ یەکەمین فلیمی سینەمایی کوردیی (نێرگز بووکی کوردستان) لەدەرهێنانی جەعفەر عەلی.

*دانانی ئاواز بۆ چەندین گۆرانیبێژ، لەوانە: تارا رەسوڵ، ئەمەل سەعید کوردە، ئالان عومەر، ئاڤان جەماڵ.

*لەساڵی ٢٠٠٧و لەرۆژیادی مەرگەساتی ئەنفال، لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی کارێکی هونەری سەبارەت بەمەرگەساتی ئەنفال (گۆرستانی چراکان، هۆنراوەی شێرکۆ بێکەس)، کەنزیکەی ٥٠ دەقیقەیەو لەپێشاندانێکی تایبەتیدا بەهاوکاریی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلیمانی بەشی مۆسیقا و تیپی هونەری میللی سلێمانی لەو یادەدا بەئەنجام گەیێنرا.

نیوەند:شارەزایانی هونەری کوردیی زۆرینەیان رەشبینن وپاشەرۆژێکی نادیارو خراپ بۆ هونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردیی پێشبینی دەکەن، هەن پێیانوایە لەماوەی یەك دوو دەیەی تردا هونەری مۆسیقای کوردیی لەبۆتەی هونەرەکانی فارسی وعەرەبی وتورکیدا دەتوێتەوە، بەشێوەیەکی گشتیی زۆرینەی شارەزایان بڕوایان وایە تاکو دۆخەکە بەمجۆرە بێت هونەری مۆسیقای کوردیی هەر بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، ئێوە وەك میوزیسون ومۆسیقارێك چۆن سەیری پاشەرۆژی هونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردیی دەکەن؟.

سەلاح رەئوف:من گەشبینم بەوەی کەمیللەتی کورد لەهەزاران ساڵەوە هونەری مۆسیقای تایبەتی خۆی هەبووە، لەبەر پتەویی بناغەو رەسەنی هونەرەکەی مۆرکی رەسەنایەتی پارێزراوە، لەراستیدا دەستگایەك یان بەشێکی گرنگ لەدەسەڵات ئەو ئەرکە گرنگەی لەئەستۆیە، هونەر بۆدواوە ناگەڕێتەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین بەهۆی نەزانین وکەم فراوانی ئاستی رۆشنبیریی هونەریی، هونەرەکەمان لەئاستەکەی خۆیدا دەمێنێتەوە، رام وایە سەدان کەناڵی تەلەفزیۆنی نوێ بکرێتەوە، کەبووە پیشاندەری ئاستێکی نزمی هونەرەکەمان ئەوا کارێکی خراپە، من دەڵێم ئاستی نزم، لەئاستی میللەتانی دنیادا مەبەستمە، بامن ئەمرۆ لەشاری سلێمانیدا دەیان گروپی راپ وجۆرەکانی مۆدێرنیزمی هونەری گەلانی تر هەبن، لای من ناکاتە ئەوەی هەوڵبدرێت چۆن ناسنامەیەکی شیاو ولەبار بۆ هونەری کوردیی دەرخسێت، بەداخم لەوەی کەخۆمان ئاستی رۆشنبیریی هونەرییمان فراوان نییە، لەبەرئەوەی ئەوساتانەی کەخۆمان بەمۆدێرینزمی مۆسیقایی دەبینینەوە، هەوڵدەدەین سیمفۆنیەکی مۆتزارت یان بتهۆڤن بژەنیین، ئەمە لەبەشی ئەنسترۆمێنتاڵدا، هەروەها لەبەشی گەرویی، پەلاماری راپ وجۆرە فۆرمەکانی تری گەلانی تر دەدەین، بەداخەوە لای ئێمە بیری پرۆفیشۆناڵمان نییە، ئەو بیرە نوێیەی بەئاوی بەنەتەوەیی بوونەوە گەشەی سەندبێ، ئەو بیرە نوێیە پرۆفیشۆناڵە کەهونەرەکەمان لەم ئاستەی ئێستای بەرەوباشتر دەترازێنی، ئەو ترازاندنەش بەهۆی زانین وگۆشبوونی هونەرمەندان بەزانستە نوێکانی هونەرە کە رۆژانە زانستی نوێ لەدایکدەبن، کە بەهەموویان دەبنە دروستبوونی پێناسەیەکی جوان بۆ هونەر، بەڕای من پیشاندانی کارێکی سیمفۆنی لەشارەکەمدا ، شیاوە بەڵام هیچ لەئاستی هونەرەکەی خۆمان فراوانتر ناکات، سەدان گروپی راپ وجۆرە نوێکانی میللەتانی تری هونەری گۆرانی، لەئاستی گەشەسەندنی هونەرەکەی ئێمە زیاد ناکات، هەزاران مۆرکی تورکی وعەرەبی وفارسی لەسەدان ساڵەوە کاریگەرییان لەسەر هونەرەکەی ئێمە بەگرانی نەبووە، ئێستاش هەر نابێ، گەر ئێمە میللەتێکی خاوەن پلان بین، پلانی نەتەوەیی نەك ...، ئێمە لەسەدان ساڵەوە، هەر میللەتێکی ژێردەستە بووین، بەڵام من گەشبینم بەوەی، گەر ئەمرۆش نەبێ، سبەینێ کەسانی گۆشکراو بەبیری نەتەوەیی، دێنە گۆڕەپانەکەوەو ئاستی فراوانی وئاستی بەزانستیکردن وئاستی گەشەسەندنی هونەرەکەمان لەپێشی پێشەوەی بەرنامەی کارەکانیاندا دەبێ، لەبەرئەوەی پاراستن وگەشەسەندنی هونەر ئەرکی دەوڵەتە، لەڕێی پلانی شیاو ولەبار وخۆشکردنی زەمینە بۆ کاری هونەریی بەپێز، هونەرەکەمان ئاستی فراوانتر دەبێ.

نیوەند:مۆسیقای کوردیی ئەمرۆ بووەتە پاشکۆی گۆرانی، یان بەزمانێکی تر بڵێین مۆسیقا لەوڵاتی ئێمەدا بابەت و هونەرێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو بەشێکە لەپێویستییەکانی گۆرانی، کەوابوو ئاشکرایە مۆسیقا یەکێکە لەبنچینە وپێکهاتەکانی گۆرانی، ئایا ئەگەر بارەکە هەر بەم فۆرمە بڕواتە پێشەوە مانای ئەوە نییە مۆسیقایەك لەبووندا نامێنێت ناوی مۆسیقای کوردیی بێت؟ ئایا ئیدی کوشتنی مۆسیقا لێرەوە نابێتە پرۆسەیەکی ئاسایی؟.

سەلاح رەئوف:من رام وایە گۆرانی بەشێکی زیندووی هونەری مۆسیقایە، وەکوو ئاشکرایە مۆسیقا بەهۆی لەرینەوەیەکی رێکوپێك لەتەنێکی شیاو ولەبار دروست دەبێ، جا ئەو تەنە ئامێرێکی مۆسیقایی یان گەرووی ئادەمیزاد بێت جیاواز نییە، هەرچەندە بەکارهێنەرەکەی ئاستی بەرزی ئەو مۆسیقایە دەردەخا، جا لێرەوە دەتوانین بڵێین گەر گەرووی ئادەمیزاد ئامێرەکە بوو ئەوا جۆری گۆرانییە، گەر ئامێرێکی مۆسیقا دەنگەکەی پەیداکرد ئەوا جۆری (ئەنسترۆمێنتاڵی) ئامێرییە،

بەهەردوو شێوازەکە دەوترێ مۆسیقا، جا مۆسیقای گەروویی (گۆرانی) یان ئامێریی هەر مۆسیقایە. ئازیزم لێدوان لەم بابەتە روونکردنەوەی زۆری دەوێ، بەلێدوانێکی ئاوا کورت کۆتایی نایەت، بەلاّم بەکورتی پەرەنەسەندنی شارەزایی لەکاری ئەنسترۆمینتاڵیدا وای کردووە شێوازە مۆسیقاییەکەمان هەر لەشێوازی گۆرانیدا بمێنێتەوە، لەو کەموکورییانە: نەبوونی فۆرمی مۆسیقایی ئەنسترۆمێنتاڵی، یان بەگشتی پابەندبوونی مۆسیقاکەمان بەشێوازی فۆرمی فۆلکلۆریی کەفۆرمێکی گەروییە، نەك ئامێریی، توانراوە لەم گەرووەوە بۆ ئەو گەرووی تر بگوێزرێتەوەو بپارێزرێ، هەر ئەمەش بۆتە هۆی پاراستنی، لەبەرئەوەی جۆری ترو هۆکاری تری پاراستنیانمان نەبووە، بەکورتی مۆسیقا بەشێك نەبووە لەئاسایشی نەتەوەیی، بەواتایەکی تر هونەر بەگشتی وهونەری مۆسیقا بەتایبەتی، وەکو جۆرێ لەجۆرەکانی سات بەسەربردن بەکاربراوە، کە لەراستیدا لای هەموو نەتەوەیەك هونەر بەشێکە لەئاسایشی نەتەوەیی، هونەر پێناسەو پیشاندانی فراوانی ئاستی رۆشنبیریی وکولتووریی بگرە هەموو گەشەسەندنەکانی کۆمەڵ بەجیهانی دەوروبەری لەئەستۆیە.

نێوەند:بیرۆکەیەك هەیەو زۆرتر لەجارێك قسەی لەسەر کراوە، ئەویش ئەوەیە مۆسیقاژەن یان راستتر بیلێم ئاوازدانەری کورد توانای ئەفراندن وداهێنانی هونەریی نییە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەزموونی کەمەو بەمانای ئەوگۆرانییانەم پێ بلێ، وتی ئەوانە گەلەری تورکین، منیش وتم نا، ئەوانە فۆلکلۆری (گەلەری، بەزمانی باکوور) کوردیین، چرپاندی بەگوێمدا وی ئەز دزانم، بەلاّم یاساغە نەکارم بێژم کوردییە، ئازیزم ئالێرەوە ئاسایشی نەتەوەیی دەستپێدەکا، ئەوساتەی دەسەلاّت بووە پارێزەری ئاسایشی نەتەوەیی ترست نەبێ. جا برای ئازیز سەدساڵ خزمەتی هونەری بێگانە بکەین، پاشان پاداشتەکەی یەك دیناری تەزویر ناکات، هەر زۆر بەئاسانی باوەڕخون دەکرێتەوە، بۆیە خۆپاراستنمان لەو بارەیەوە پێش ئەوەی ئەرکێکی نەتەوەیی بێت بۆ کەسایەتی خۆشمان باشترە، کورد دەڵێ:

سەدساڵ بکەی بێگانە پەرستی .. پاشان هەردێنی نوشوستی

جا دووبارە کورد دەڵێ: گۆزە چی تیابێت، ئەوە دەدەلێنێ

ئەوە راستییەکی نەگۆڕە، من گەر ئەمڕۆ بۆم بکرێت ئاستی مۆسیقای نەتەوەکەم دەبەمە ئاستی مۆسیقای جیهانی، بەلاّم چۆن؟ بەڕوانگەی خۆم؟ یان بەشێوەیەکی زانستی پتەو بیر لەکارەکە بەپێوەرە جیهانییەکە دەکەمەوە، ترسەکان لێرەوە دەستپێدەکەن، سامناکیی ئەوەیە مرۆڤ ئاستی تواناو رۆشنبیریی خۆی نەزانێ، ئەو کەسەی دەرك بەئاستی توانای خۆی نەکات، ترسناکترە لەوەی کە کارناکا، هەردەم نەزان زەرەرمەند بووە، لای من گرنگ ئەوە نییە چەند دەزانی، گرنگ ئەوەیە، کەم بزانی بەلاّم باش بیزانی، ئەمە دروشمی تاکی رۆشنبیرە، بەهاکان بە قەوارە نین، ترسناکی تاکی کورد

**سیاسەت دەبێ هۆکارێکی جوان بێت بۆ باشکردنی باری کۆمەڵ. بەلاّم لەوە ئەچێ ئێستا کۆمەڵ وسامانی نەتەوەیی هۆکارێکی لەبارو شیاو بن بۆ بەهێزو پتەوکردنی پارتەکان**

وشەش زۆرینەیان نەخوێندەوارن، بۆیە پەنابردنە بەر ئاوازی میللەتانی تر بۆتە کارێکی سروشتی، من پرسیار دەکەم تا چ ئەندازەیەك بۆمان هەیە سوود لەکولتووری گەلانی تر وەربگرین وهونەرەکەیان ئاوێزانی هونەری خۆمان بکەین؟.

سەلاح رەئوف: ئەمە پرسیاری کەسێکی هۆشمەندە، من لەکۆتایی پرسیارەکەوە دەچمە ناو باسەکەوە. ئازیزم لەسەدان ساڵەوە بەهۆی بندەستی میللەتەکەمان لەهەر چوار پارچەکەیدا، زۆر لەکولتووری نەتەوەکەمان بەناوی گەلانی بەتایبەتی تورکەوە بلاّوبۆتەوە، لێرەدا نموونەیەك: جارێك لەگازینۆیەکی ئەنقەرە، چەند ئامێرژەنێك و دوو گۆرانیبێژ شەوەکەیان رازانبۆوە، بەڕاستی هونەرکار بوون، ئاوازە کوردییە بەناوبانگەکانی کەلەسەر زاری هەموو کوردێکە دەیانچڕی، منیان بردبۆوە بۆ ناو جەرگەی شارەکانی سلێمانی وهەلێر وکەرکووك وزۆر ناوچەی تری باشووری کوردستان، پاش ماوەیەك پرسیارم لەگۆرانیبێژێکیان کرد، تا ناسنامەی

ئەوەیە خۆی لەهەموو بوارێکدا بەزانا دەزانێ، دەرچوویەکی کۆلێژی کشتوکاڵ لای ئاسانە ببێتە وەزیری رۆشنبیریی، یا پاش ئەو پۆستە بکرێتە وەزیری داد، ترسناکییەکە لێرەوەیە، زانست لای ئێمە ئاستێکی دیاریکراوی هەیە، سەرەڕای ئەوەی کارکردنیش ناکرێتە پێوەری زانایی، کارکردنەکانیش کارێکی ئەفراندن نین، هێشتا هونەر لای میللەتی ئێمە لەئاستی هەستکردندا ماوەتەوە، زۆری ماوە، بەداخەوە دەڵێم تائەگاتە ئاستی هۆشمەندیی وزانستی، کە لەئاستە بەرزەکانی هونەرە، ئاستی هەموو کارێکی هونەری گەواهی توانای بەهرەمەندیی کاراکتەرەکەیەتی، هونەر بەپیاهەڵدان وباسکردن نییە، کاری ئەفراندنی هونەریی، لەهەستێکی بەهرەدارەوە بەئەنجام دەگەیەنرێ، هەرچەندە کەرەسەکانیش لەئەنجام گەیاندنەکەدا رۆڵی سەرەکی دەبینین.

نێوەند:لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکان وسایتەکانی ئینتەرنێت هەزران جار وتراوە حکومەت و وەزارەتی رۆشنبیریی ودەزگا هونەرییە حکومی وناحکومییەکان، زیاتر بایەخ بەکاری تەقلیدیی وباو دەدەن، بەپێچەوانەوە نەك یارمەتی پڕۆژەی هونەریی وئەکادیمیی نادەن چونکە لێی تێناگەن دژایەتیشی دەکەن، لێرەدا مافی ئەوەمان هەیە بپرسین رۆڵی حکومەت و وەزارەتی رۆشنبیریی لەو پاشاگەردانییەدا چییە ئەمڕۆ بەرۆکی هونەری کوردیی بەگشتیی ومۆسیقاو گۆرانیی بەتایبەتی گرتۆتەوە؟.

سەلاح رەئوف:ئازیزم بڕوات هەبێ ئەوەی لەبەرنامەیاندا بێت هەر ئەوە دەکەن، لەبەرئەوەی هەر ئەوەندەی لێدەزانن وپلاندانەری باش نییە، یان بەڕاشکاویتر نازانن وەزارەتی رۆشنبیریی کارە سەرەکییەکانی چین ؟، کە هەمووی لەژێر یەك دروشمی بچووکدا خۆی دەگرێتەوە ئەویش (رۆشنبیریی وهونەر پیشاندەری رواڵەتی جوانی نەتەوەیە)، ئەمە هەرلە سەرەتای دروستبوونی وەزارەتەکان تائێستاش کارەکان هەروا دەڕۆن، من رام وایە هەموو شتێك بێ پلانی گونجاو، بەچەواشەیی دەڕوات، هەروەها کەسانی خەمخۆرو بەئەمەك، کەسانێکە بەبیری نەتەوەیی گۆشکرابن، دەستبەکاربن، ئازیزم من رام وایە گەورەترین هۆکار لەچەواشەکردنی ئەو دامودەستگایانە جگە لەبێ پلانی پتەویی خۆیان، هونەرمەندانیش چەواشەکاری یەکەمی ئەو دامودەستگایانەن، نموونە زۆرن، هەر لەباس نایەن، تا ئێستاش هونەر لەخزمەتی تاکەکەسیدایە، هونەر نەبۆتە هۆکار بۆپیشاندانی رواڵەتی جوانی نەتەوە، من رام وایە لەبەر نەبوونی هەستی نەتەوایەتی ودەرك نەکردن بەپاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، هونەریش وهونەرمەندانیش ودامودەسگا هونەرییەکانیش لەپێناوی کەسێتی خۆیان کار یان کاری هونەریی دەکەن، بەواتای هەرکەسەو بۆخۆی، هەرچەندە بەجۆرێك ئەمە رەوایە بەلاّم مەبەستە سەرەکییەکە هەرئەوە نەبێ، رەوایە هونەرمەند گەر ئەفراندنێکی کرد پاداشت وەرگرێ، یان رێی بۆ خۆشبکرێت تا ئەفراندنێك بکات، بەلاّم لەبەرئەوەی دەیان تاقیکردنەوەی تاڵ بەرەو رووی دەسگاکان بۆتەوە، بۆیە لەگەڵ بێ پلانی خۆیان ودووبارە چەواشەکردنیان لەلایەن کەسانی بەناو هونەرمەند، بۆیە زەمینەکە وای لێهاتووە. جا گەر ئەودام ودەسگایانە بەپلانی شیاو ولەبار و لەڕوانگەی پاراستنی ئاسایشی نەتەووە کارەکانیان بەئەنجام بگەیەنن، ئەوا جێگەی دز و درۆزن و هیچ لەبارانەبوو نامێنێ.

نێوەند:لەکوردستان لەهەر چوار شارە سەرەکییەکە پەیمانگای هونەرە جوانەکان هەیەو لەهەریەکێکیاندا نزیك بەهەزار قوتابی هەن، بەلاّم ئەم پەیمانگایانە سالاّنە لەبری بەرهەمهێنانی هونەرمەند، سەدان مامۆستای کەم ئەزموون کەهیچ کارێکیان بۆ نادۆزرێتەوە دەردەچێنێت، کەوابوو خەلەلێکی زۆر لەستڕۆکتۆری پەیمانگاکاندا هەیە، پرسیار دەکەم چۆن دەتوانین هونەرمەند بەشێوەیەکی ئەکادیمی لەرێی پەیمانگاکانەوە پێبگەیەنین؟.

سەلاح رەئوف:برام لەهەر چوار شارەکە بەهەرحاڵ، بەلاّم ئێستا وەکو بیستوومە، لەکەلارو خانەقین ورانیە وکۆیە وچەند

شوێنێکی تریش هەیە، ئازیزم ئەمەش هەر بێ پلانییە، زانستیش بەگشتی گیری بەدەستی نەزانەوە خواردووە، من لەبیرمە لەسەرەتای ساڵەکانی هەشتا بەهۆی هەوڵی چەند کەسێکی بەڕاستی بەئەمەکی میللەتەکەم جەخت لەکردنەوەی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی کرایەوە، هۆکار زۆر بوو بەو ڕێگەپێدانە، زۆر کاریگەریی هەبوو بۆ پاراستنی ئاستی هونەری ئەو سەردەمە، کە وەکو دەیزانین لەپاڵ فێربوونی ئاستی هونەری جیهانی پارێزەرێکی باشی هونەری کوردیی بوو، هەر هیچ نەبێ لەمانەوەی لەوئاستە دیاریکراوەی ئەوسادا کەناومان نابو هونەری بەرگریی، بەڵام ئێستا چ سەردەمەکەو چ میللەتیش بەو ئاستە رازی نابن، بۆیە دەبێ کەسانی شیاو کەخاوەنی هەستێکی نەتەوەین بەپلانێکی شیاوی نەێخواز ولەبار بۆ ئەم سەردەمە رێگا بەکردنەوەی لەو جۆرە دەستگایانە بدەن، دووبارە پێویستە هەندێ شتی تریش هەیە لامان روون بێت، ئەویش هونەر یان توانای هونەری گەر بەهەوێنی زانست پەروەردەکرا ئەوا ئەفراندن دروستدەبێت، لێرەش زۆرن لەوانەی دەرچوی کۆنسەرفاتۆرێۆم وشوێنە هونەرییەکانی ترن، بەڵام لەبەرئەوەی خۆیان بەهرەدار نین، ئەوا پلە زانستییەکەش هەر وەکو نامیلکەیەکی بچووك لەگیرفانیان دەمێنێتەوە، هیچ ئەفراندنێکی لێ بەدیناکرێ، گەر کاری چەواشەکاریش نەکەن. ئازیزم لەنیشتمانەکەی من وتۆدا خەڵکی بەدوای بژێویدا دەگەڕێ، جا ئەو بژێوییە چۆن پەیدا دەکا گرنگ نییە، برام لەیەکێ لەتاقیکردنەوەکانی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی/بەشی مۆسیقا من سەرۆکی لیژنەی وەرگرتن بوم لەو تاقیکردنەوەیەدا، کیژێك وەرنەگیرا، کەکچی خاڵی خۆم بوو لەبەرئەوەی من نەمهێشت کەسی لیژنەکە بزانن کچی خاڵمە، بۆیە بەتوانای خۆی وەرنەگیرا، تا ئێستاش خاڵم من بەهۆکار دەزانێ ولەگەڵم نادوێ، بەڵام لای من ئاساییە یەك کەس لێم بڕەنجێ، نەك کەسێك پەروەردە بکەم میللەتێك بڕەنجێنێ.

نێوەند:ئەگەرچی هەژدە ساڵەو وا خەریکە ماوەکە زیاتریش دەبێت، باشووری کوردستان ئازادە، بەڵام ئەم ئازادییە سیاسییە هیچ کرانەوەو پێشڤەچوونێکی بەهونەر نەبەخشیوە، راستە بەژمارە هونەرمەندان لەجاران زیاترن بەڵام لەرووی چۆنایەتییەوە کارەکان بەرێژەیەکی زۆر کەم دەبینرێن، تا ئەوەی ئۆرکێسترایەکمان نییە ناوی ئۆرکێسترایەکی ئەکادیمیی کوردستان بێت، هۆڵێکمان نییە تایبەت بێت بەکۆنسێرت، تەنانەت شتێك نییە ناوی کۆنسێرتی مۆسیقیی بێت، ئایا ئەمە لەیەکێك لەماناکانیدا کۆڵەواریی خودی ئەو تاکە ناگرێتەوە بەهونەرمەند ناوزەد دەکرێت؟. ئایا مانایەکی تری ئەوە نییە خەڵکی ئێمە هۆشیارییەکی نزم وتێگەیشتنێکی تەقلیدییان لەمەڕ هونەر هەیە؟.

سەلاح رەئوف:ئەی بۆنەڵێین بەشێکی گەورەی زمانی سازو ئاواز (مۆسیقا) لەبار براوە، کە هونەری مۆسیقای ئەنسترومێنتاڵییە؟ هەر ئاستی هونەری گەروویمان بەردەوامە وئەویش بەو ئاستەی کەئێستا هەیەتی. بەڵام من واناڵێم،، ئەی ئەوەنییە چەندین ساڵە لەوەزارەتی پێشمەرگە ئۆرکسترای سیمفۆنی هەیە، جاگەر ئۆرکسترای فوویی بوایە کەلەهەموو جیهاندا هەروایەو ئاسایی بوو، بەڵام وەزارەتی پێشمەرگەو ئۆرکسترای سیمفۆنی،،؟ برام ئەوە پلاندانانەکانی ئێمەیە، من لەوە دەترسم ئۆرکسترای فوویی (هەوایی) وەزارەتی ئەوقاف بیگرێتە ئەستۆ. هونەری ئێمە بوونی هەیە، بەڵام گەشەی نەسەندووە، ئەمڕۆ ئەگەر ئۆرکێستی سیمفۆنیشمان هەبێ، دەبێ کاری هونەری میللەتانی جیهان دوبارەبکەینەوە هەرچەندە ئەوەش زیانبەخش نییە ئەوەش وبگرە ئاستی هونەری گەلانمان لا ئاشنا دەبێت، بەڵام ئەو رۆژەی بەهۆی کەسانی بەهرەدار فۆرمی مۆسیقای کوردیی بۆ ئۆرکێستی سیمفۆنی دابنرێ ئەوا سەدجار لەبارترو شایستەی دەستخۆشیکردنە، بەڵام ئەو ئەفراندنە کاری کەسی بەهرەمەندی نەتەوە پەرستە نەك خۆپەرست، کورد ئەڵێ:

تەشی رێس تەشی رێس بێت
خورییەکە هەر ئەرێسرێ

بەڵام ئێستا ئێمە گرفتمان خوریەکەیە، کەنیمانە، لەوانەیە کەرەسەی رستنەکەمان هەبێت بەڵام چی بڕێسین،؟ کام خورییە؟.

نێوەند:شاراوە نییە هونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردیی تێکەڵاوی سیاسەت بووە، ئەو هونەرمەندانەی لەپارتێکی سیاسییەوە نزیکن هەمیشە کارەکانیان بۆ مەیسەر دەکرێت وبەپێچەوانەشەوە. پرسیاری سەرەکیی لەوەدایە: ئەم رامیارییە دواکەوتووە لەبەرانبەر هونەر لەکوردستاندا پەیڕەو دەکرێت هۆیەکی دواکەوتنی هونەری کوردیی نییە؟.

سەلاح رەئوف:ئەوە نیشانەی ئەوەیە کەتیۆری سیاسەت لنگاوقوچ بووە، لەڕاستیدا سیاسەت دەبێ هۆکارێکی جوان بێت بۆ باشکردنی باری کۆمەڵ. بەڵام لەوە ئەچێ ئێستا کۆمەڵ وسامانی نەتەوەیی هۆکارێکی لەبارو شیاو بن بۆ بەهێزو پتەوکردنی پارتەکان. بۆیە هونەر دەبێ بەهەموو جۆرەکانی ببێتە خزمەتکاری سیاسییەکان ویان ئەوانەی لەدەرباری پارتە سیاسییەکاندا کار دەکەن، هەر ئەوان بڕیاردەرو بکەریشن، مافی بڕیاردان لای خودی هونەرمەند نەماوە، بەهۆی ئەوانەوە کار رائەپەڕێنرێ، ئەمە ترسناکترین ونالەبارترین هۆکارە بۆ لەباربردنی هونەر بەگشتی وزمانی ساز وئاواز بەتایبەتی، هیوادارم دەسەڵاتی هۆشمەند رەچاوی ئەم خاڵە گرنگە بکات، لەبەر ئەوەی ئەمە لێپرساوێتییەکی مێژووییەو لێخۆشبوونی نییە.

نێوەند:دوا پرسیارمان پرسیارێکی تەقلیدییە، لەوەی دەمانەوێت بزانین دوا پڕۆژەی هونەریتان چییە؟ ئایا چ کارێکی هونەریتان بەدەستەوەیەو دەتانەوێ لەم رێگەیەوە بەجەماوەری رابگەیەنن؟.

سەلاح رەئوف:من پێم خۆشبوو جەماوەر لەڕێی سایتەکەمەوە بزانن من سەرقاڵی چیم، ئەمە بۆ ئەو کەسانەی لەدنیای ئەنتەرنێت شارەزان، بەڵام بەگشتی ئێستا پاش تەواوبوونم لەلێکۆڵینەوەکەم بەناوی (پولێنکردنی پەیژەو فۆرمەکانی مۆسیقای کوردیی) بە قەبارەی ٧٧١ لاپەرەی A4 ، ئێستا سەرقاڵی بەهۆڵەندیکردنیم لەگەڵ مامۆستای پسپۆڕی زمان ومۆسیقاش، تا لەکۆتاییدا بیگەیەنمە شوێنی مەبەست. لەسەرداوی هەندێ لەهەوادارانی ئامێری کەمان، پەرتووکی فێربونی کەمانچە، لەژێر ناوی (کەمانژەن) بەشێوەیەکی سەردەمی ولەسەر بنەمای زانستییە نوێکانی مۆسیقا ئامادەی دەکەم بۆ لەچاپدانەوەی. پاش ئەوەشی لەنوسینی (سیمفۆنی ژاڵە) بوومەوە، کەبە فۆرمێکی سیمفۆنی نوێدا بەبڕی ٢٠ دەقیقەیە، پاش ئەوەی رەزامەندیی وەرگیرا لەلایەن تیپێکی ئۆرکستراوە بژەنرێ، لەماوەیەکی کورتدا دەگاتە گوێی بیسەران، ئێستا سەرقاڵی نووسینی سیمفۆنی (نێرگز)م کە لەسەر هۆنراوەیەکی مامۆستا ئەحمەد سالار لەساڵی ١٩٨٩ بۆ فلیمی نێرگز بووکی کوردستان دامناوە. سەرقاڵی هەندێ ئاوازی گۆرانی تاکەکەسیم کەکۆتاییان هات ناویان دەبەم. دەقی چیرۆکی خەج وسیامەند لەبەردەستایە بەڵام بەشێوازێکی مۆدێرنتر لەکۆتەڵی گۆرستانی چراکان، تەمەن رێبدا بەئەنجامی دەگەیەنم، بەڵام زۆر لەسەرەتادام.

